GIFTINFORMATIONSCENTRALEN
en enhet inom Läkemedelsverket

Sorani

# بنکەی زانیاریی ژەهر


## وەڵامی پرسیار سەبارەت بە ژەهراوییبوون بە مادەی کیمیایی، دەرمان، گیا، قارچک (کاروگ)، ئاژەڵی ژەهردار، ئەداتەوە.

بە شەو و ڕۆژ تەلەفۆن بکە بۆ 112 – داوایی زانیاریی سەبارەت بە ژەهر (Giftinformation) بکە

لە کاتی کەمتر تەنگانەدا تەلەفۆن بکە بۆ 010-456 67 00.


ئێمە هەموو ڕۆژێک 24 کاژێر کراوەین.

زانیاریی زیاتر لە سایتی ئینێرنەتی ئێمە www.giftinformation.se ئەبینیتەوە




Illustrationer: Annie Boberg. Mars 2017.

# ڕووەک (گیا)



ئاسایییە کە منداڵان چێژی گیا بکەن و زۆر جارێک ئەمە بێزیانە.
بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ڕووەکی ژەهراوی سەردانی سایتی ئینتێرنەتیمان بکە.

## ڕێنمایی ناسینەوە

وێنەی ڕووەکە هەرە ژەهراویە ئاساییەکان و وردەبەر لە سایتی ئینتێرنەتیمان www.giftinformation.se دەست دەکەوێت.

# قارچک (کارگ)



زۆربەی قارچکەکان بێزیانن بەڵام هەندێکیانیش زۆر مەترسیدارن.
ئەگەر گومانی ئەوەت هەبێ لەوەی کە منداڵەکەت چێژی قارچک ژەهراوی کردبێت

**تەلەفۆن بکە بۆ بنکەی زانیاریی ژەهر**

قارچکەکە هەڵگرە ئەگەر هاتوو پێویست بێت کە دەستنیشانی بکەیت.
دەتوانی زانیاریی سەبارەت بە قارچکی ژەهراوی بە زمانەکانی جۆراوجۆر لە سایتی ئینتێرنەتی ئێمە ببینەوە.

# تیلەمار



گازی تیلەمار مەترسیدارە. .

**لە هەموو کاتێکدا خۆت بگەیێنە بە نەخۆشخانە**

ئەگەر هاتوو منداڵەکەت شتێکی مەترسیداری:

- خواردبێت
- پرژی کەوتبێتە نێو چاوی
- پرژی کەوتبێتە سەر پێستی
- هەڵیمژیبێت


تەلەفۆنمان بۆ بکە

GIFTINFORMATIONSCENTRALEN
en enhet inom Läkemedelsverket

# دەرمان

سەرەڕای ئەوە کە دەرمان لەدەستی منداڵ دوور دەپارێزریت، ڕوودەدات کە منداڵ دەستی بە دەرمان بگات. ڕەنگە لە کاتێکدا یەکێک لەماڵدا نەخۆش بێت و بوتڵی دەرمانەکەی لە پێش چاو منداڵەکەدا لەبیر بچێت. ڕەنگە تۆ بەهەڵە ژەمی (بڕی بەکارهێنانی) دەرمانەکەت بە منداڵەکە دابێت. زۆر لە دەرمانەکان ئەگەریش بڕەکەی کەم بێت مەترسی گەوری ژەهراویبوونیان هەیە.

**ئەگەر هاتوو منداڵەکە بێئەنقەست دەرمانی قوت دابێت یان بە ڕێژەیێکی زۆر، لە هەموو کاتایێکدا تەلەفۆن بکە بۆ بنکەی زانیاریی ژەهر.**



## خەڵووزی دەرمانیت لە ماڵدا هەبێ!

خەڵووز زۆرێک لە مادەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و ئەگەر لە قۆناغێکی زوودا بەکار ببرێ ڕێگا لەوە دەگریت کە لەش مادەکە بۆ خۆی هەڵنەمژێ. لە هەندێ باردا بۆ نموونە ئەگەر هاتوو منداڵەکە سست و بێهێز بێت یان شتێکی تیزابی قوت دابێ نابێ خەڵووزی پێبدەی.

خەڵووزی دەرمانی لە دەرمانخانەدا دەست دەکەوێت.

**هەمیشە پێش ئەوەی کە خەڵووز بە منداڵەکە بدەیت تەلەفۆن بکە بۆ بنکەی زانیاریی ژەهر.**

# بەرهەمی کیمیایی

لە نێو منداڵی بچووکدا زۆربەی ڕووداوەکانی ژەهراویبوون بە هۆی مادەی کیمیایی ماڵەوەیە. بەگشتی زۆربەی ئەم ڕووداوانە بێزیانن و ئەگەر هاتوو منداڵەکە نەختێک چێژی شامپو یان مادەی قاپشۆریی کردبێت زۆر جار بەسە بە پێدانی خواردنەوە (ساردیی). بۆ تێبینیش، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە بەرهەمە کیمیاییەکانی ماڵەوە تەنانەت بە ڕێژەیێکی کەمیش مەترسیدارن.

بەرهەم و مادەی مەترسیدار

- مادەی خاوێنکردنەوەی زێراو و خاوێنکەرەوەی فڕن
- بەرمەهەمەکانی نەوتی وەکو نەوتی سپی و نافتا (مادەیەکی گیراوەیە بۆ توانەوە یان لابردنی ڕەنگ)
- باتری دوگمەیی
- مادەی دژەسەهۆڵ
- سرکە

## ئایا دەبێ هانی ڕشانەوە بدەیت؟

لە ڕاستیدا هەرگیز پێویست بەوە ناکات و هەندێک جاریش ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی مەترسی، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو شتێکی تیزاوی یان بەرهەمە نەوتییەکانت قوتدابێت.



**قەد بێ ئەوەی لەپێشدا پەیوەندی بکەیت بە بنکەی زانیاریی ژەهر هەوڵی هاندانی ڕشانەوە مەدە!**